www.kurdistannet.org
10-6-2003 10:39

رۆلی ژنان لە ڕێکخراوی KOMA

بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنانی گوندنشین لە مەترسییەکانی مین وتەقەمەنی

نەجات ڕۆستی

یەکێکە لە ڕێکخراوە چاپوکەکانی ناوخۆیی لە بواری هۆشیارکردنەوەی گوندنیشینەکان لە مەترسییەکانی مین وتەقەمەنی. ڕێکخراوی کوردستان بۆ هۆشیارکردنەوە لە مین. ئەم ڕێکخراوە بە پشگیری وەزارەتی پەیوەندی و هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان، لە لایەن چەند دلسۆزو ڕۆشنبیرێك دامەزراوە، لە ماوەی دووسالی کارکردنی دا کە بە هاوکاری بەردەوامی ڕێکخراوی UNOPSکارەکانی لە بواری هوشیارکردنەوەی گوندنشینەکان، ئە نجام داوە ئەم ڕێکخراوە (١٦) تیمی گەڕۆکی هەیە هەرتیمە لە چوار کەس پێك هاتووە دوو ژن و دووپیاو تا ئستا (٣٠٠) گوندیان بەسەرکردۆتەوە. ژنان ڕۆلێکی گرنگیان هەیە بۆ هۆشیارکردنەوەی ژنانی گوندنشین لە سەرەتای کارکردنی ئەم ڕێکخراوە تەنها گروپی ژنان توانیویانە هۆشیاری بدەنە (١١٦٥٠) ژنی کودنیشین لە ڕێگای جۆراو جۆر بەرنامەکانیان پێشکەش بە ژنان کردوە. بە مەبەستی زیاتر ئاشنابونمان بەکارەکانی ئەم ڕێکخراوە لە بەسەرکردنەوەمان چەند پرسیارێکمان لەم بەرێزانەکرد:

-نەرمین حسێن ئەحمەد: بەریوبەری کارگێری ڕێکخراو

لەسەرەتای دەست بەکاربونمان لە بواری هوشیارکرنەوە لە مەترسیەکانی مین، گرنگییەکی زۆر مان داوە بە گروپی ژنان بۆ هوشیارکردنەوەیان، بۆ ئەوەی هەمیشە ئاسودەبن ودوور بن لە روداوی ناخۆش. چونکە ژنان وەکو پیاوان بەشداری لە گەڵ پیاوان دەکەن وبەردەوام لە ناوکێلگەکان و باخەکانیان کاردەکەن، ئەم شوێنانەش ڕەنگە ناوچەی مین ڕێژکراوبن. بۆ ئەوەی ژنان دوربن لە کارەساتی دلتەزێن. تیمەکانی ڕێکخراوەکەمان بەتایبەتی ژنان بە پێی بەرنامەی داڕێژراو سەردانی گوندەکان دەکەن بۆ ئەوە بەرنامەی هوشیاری بدەنە ژنان، بۆ ئەوەی ژنانی گوندنشین لەڕێگای خویانەوە چاودێری بەردەوامی منالەکان بگەن هەرچەندە بەرنامەی تایبەتیشمان هەیە بۆ منالان بەلام پێمان وایە ژنان بەهوشیارکردنەوەی بەردەوام ئاگایان لە منالانە. ئمە بەردەوام کاری هوشیاری دەکەین، داوا لە هەموو گوندنشینەکان دەکەین کە پێویستی بە پەلەیان بە بەرنامەی هوشیارییەو دەیانەوەی ٬ هوشیاری لە سەر مین وتەقەمەنی وەربگرن بەزووترین کات پەیوەندی بە تیمەکانی ڕێکخراوەکەمان بکەن یان ڕاستەوخۆ پەیوەندی بەئۆفیسی سەرەکی بکەن.

ژیان محەممەد عەلی. سەرۆکی تیم:

تیمەکانی ئێمە بەرنامەی گشتیان بۆ ژنان ومنالان وپیاوان هەیە هەربەرنامە یەك بەجیا پێشکەش دەکرێت، زۆر گرنگی بە کوبونەی ژنان ئەدەین. چونکە ژنان بەبەردەوامی لە نیو کێلگە کاردەکەن و مەترسی مین وتەقەمەنییان لە سەرە، دوای ئەوەی کاتی بەرنامەکە دیاری دەکرێت لە ڕێگای پۆستەرەوە جورەکانی مین وتەقەمەنیان پێدەناسێنین وشێوەکانیان نیشان ئەدەین. ئاگاداریان دەکەینەوە کە مین بە چی دەتەقێتەوە، ژنانی گوندنیشین زۆر هاوکاریمان دەکەن و سودێکی باشیان لە بەرنامەکان هوشیاری ڕێکخراوەکەمان وەرگرتووە.

-بەناز عەزیزسەعید. سەرۆکی تیم

دوایی ئەوەی بەرنامەی تیمەکان لەلایەن ئۆفیسی رێکخراوەکەمان ئامادە دەکرێت وتیمەکان دابەش دەکرێن. سەردانی گوندەکان دەکەین بۆ ئەوە بەرنامەی کار لە گەل ئەنجومەنی گوند دادەنێین بە پێی بوونی کاتیان بۆ ئەوەی بەرنامەی هوشیاریان پێشکەش بکەین. ئێمە ماوەی هەفتەیەك لە گوندەکە دەمێنینەوە لەماوەی ئەم چەندرۆژە بەرنامەکانمان پێشکەش دەکەین. پێموایە ژنانی گوندنشین سودێکی زۆریان لەبەرنامەکانمان بینیوە. چونکە دوای چەند مانگێك جارێکی تر سەردانییان دەکەینەوە، بۆ ئەوەی بزانین. هیچ کارەساتێکی مین لە دوای بەرنامەی هوشیاری روینەداوە. بە دلنیایەوە رێژەی قوربانیان زۆر کەم بۆنەتەوە لە چاو سالانی رابردوئەمەش ئەوە دەردەخات کە گوندنیشینەکان سودێکی زۆریان لە بەرنامەکانی هوشیاری وەرگرتووە.

سۆزان کەریم حەمە عەلی: ئەندام تیم

ژنان حەز دەکەن کەچەند جارێك بەرنامەی هوشیاری وەربگرن چونکە پێیان وایە زور تر سودمەند دەبن، زۆر تاکەم شارەزایان لە بواری مین وتەقەمەنی هەبێت چونکە ئەوانەی دەبنە قوربانی مین وتەقەمەنی بە رێژەی زۆر ژنان زەرەرمەن دەبن. چونکە بار گرانیەکە لە سەر شانی ئەوانە، ئەگەر منال یان پیاو کەم ئەندام بی هەردەبێت ئەوان خەمیان بخۆن. بۆیە زۆر هەولّ ئەدەن شارەزاییان هەبێت. بۆ ئەوەی بەبەردەوامی چاودێری ماڵەکانیان بن. کاتێك سەردانی هەر گوندێك دەکەین گروپی ژنان زۆر بە پەرۆشەوە بەشداری لەبەرنامەکانمان دەکەن، ئەمەش مایەی خۆشحالیە کە ژنانی گوندنیشین گرنگی زۆر بە بواری هوشیاری ئەدەن.

-شەهرەزاد موحسین عەباس. ئەندامی تیم

ئێمە زیاتر لە رێگای پۆستەری تایبەتەوە شارەزای لە بواری مین وتەقەمەنی ئەدەینە ژنانی گوندنیشین. لەو رێگایە ئاگاداریان دەکەینەوە کە بەهیچ شێوەیەك لە ناوچەی مین رێژ کراو نزیك نەبنەوە وە نیشانەکانی مینیان پێدەناسێنین. بۆ ئەوەیلە هەرشوێنك ئەم نیشانانەیان بینی لێیان نزیك نەبنەوە و خەلکی تریش ئاگاداربکەنەوە. وە هەرها ئاگاداریان دەکەینەوە کە مین وتەقەمەنی بەچی دەتەقیتەوە بۆ ئەوەی دەستکاریان نەکەن. و ژیانیان نەکەوێتە مەترسیەوە وئەندامەکانی لەشیان لە دەست نەدەن. سەرەرای کاری هوشیاریمان لەبواری کۆمەلایەتیش هاوکاری ژنانی گوندنیشین دەکەین لە چارەسەرکردنی کێشەکانیان ئەمەش لەرێگای نیشان دانی درامای تەلەفزیۆنی کە باس لە روداوێك دەکات کە بە هۆی مین وتەقەمەنیەوە کەسەکانیان ئەندامی لەشیان لەدەست داوە بۆتە هۆی کێشە بۆ خێزانەکانیان. لە م رێگایەوە پێیان دەلێن کە بەهیچ جۆرێك لە ناوچەی مین رێژکراو نزیك نەبنەوە.

-سۆما هیوا محەمەد ئەندام تیم.

دوای ئەوە ژنان بەرنامە هوشیاریان وەرگرت. لە لایەن تیمەکانمان، پاش چەند مانگێك سەردانی هەمان گوند دەکاتەوە بۆ ئەوەیبزانین. ئەوبەرنامانەی پێشکەشمان کردوون بەبیریان ماوە وئایە لە دوای وەرگرتنی بەرنامەی هوشیاری. کارەساتی مین وتەقەمەنی رویداوە، ئەگەر هەبوو جارێکیتر بەرنامەی هوشیاریان پێشکەش دەکەینەوە، هەرچەند پێویستیان بەبەرنامە هەبێت ئێمە ئامادەین، بەرنامەکانما بۆیان چەند بارەبکەینەوە، بۆ ئەوە گوندنیشنەکان دوربن لە کارەساتی مین وتەقەمەنی. هەمیش ژیانیان ئاسودەبێت.

تێبینی کوردستان نێت:

ئەم نووسینە بیر و بۆ چونی خاوەنەکەیەتی، کوردستان نێت لە ناوەرۆکەکەی بەرپرسیار نییە.